# دور وتأثير الأحزاب والمنظمات اليسارية الإيرانية في الثورة (١٩٧٨-١٩٧٩)

**كاروان احمد على**
**طالب ماجستير / جامعة السليمانية / كلية العلوم الإنسانية / قسم التاريخ**
akarwan056@gmail.com

**أ.م..د. خسرو عبدالرحيم نجم**
**جامعة السليمانية / كلية العلوم الإنسانية / قسم التاريخ**
khasraw.nagm@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** الثورة الإيرانية، الأحزاب والمنظمات اليسارية، حزب توده، فدائيي خلق (فدائيون)، مجاهدي خلق، كومله، ثورة ١٩٧٨-١٩٧٩.

**كيفية اقتباس البحث**
على , كاروان احمد , خسرو عبدالرحيم نجم, دور وتأثير الأحزاب والمنظمات اليسارية الإيرانية في الثورة (١٩٧٨-١٩٧٩),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Role and Influence of Iranian Left Parties and Organizations in the Revolution (1979-1978)

**Karwan Ahmed Ali**
**Master's Student / University of Sulaimani / College of Humanities / Department of History**
**akarwan056@gmail.com**

**Asst. Prof. Dr. Khasraw Abdulrahim Najm**
**University of Sulaimani / College of Humanities / Department of History**
**khasraw.nagm@univsul.edu.iq**

**Keywords** : The Iranian Revolution, leftist parties and organizations, the Tudeh Party, the Fada'i-ye Khalq (Fada'iyan), the Mojahedin-e Khalq, Komala, the 1978–1979 Revolution.

**How To Cite This Article**
Ali , Karwan Ahmed ,Khasraw Abdulrahim Najm ,Role and Influence of Iranian Left Parties and Organizations in the Revolution (1979-1978) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص
تُحلل هذه الورقة، وبشكل مفصل، دور وتأثير الأحزاب والمنظمات اليسارية الإيرانية في ثورة ١٩٧٨-١٩٧٩. وتُبيّن الدراسة أن الحركة اليسارية، بتنوعها التنظيمي والفكري، كانت إحدى القوى الفاعلة والرئيسية في هذه الثورة؛ إذ شاركت على جبهات متعددة، شملت النضال الثقافي والإعلامي، والتنظيم الجماهيري (لا سيما من خلال الإضرابات)، والعمل المسلح، والتحرك على الصعيد الدولي لتشويه صورة النظام. ورغم التضحيات الجسيمة التي قدمها اليسار ودوره الحاسم في الثورة، إلا أنه انتهى به المطاف إلى الفشل؛ وذلك بسبب الصراعات الداخلية، والانعزال عن المجتمع الإيراني التقليدي،

وارتكاب أخطاء استراتيجية في التعامل مع الحركة الإسلامية. ومع ذلك، لا يزال إرثه الفكري والسياسي حاضراً في حركات التحرر الإيرانية.
تعتمد هذه الدراسة المنهج الوصفي التحليلي لاستعراض العوامل والمسارات ودور اليسار في الثورة الإيرانية، استناداً إلى مصادر أكاديمية بلغات مختلفة. ويتألف هيكل البحث من ثلاثة محاور: يركز المحور الأول على الخلفية التاريخية للحركة اليسارية في إيران قبل ثورة ١٩٧٨-١٩٧٩، بينما يسلط المحور الثاني الضوء على الأسباب الاقتصادية والاجتماعية والسياسية التي أدت إلى اندلاع الثورة. وأخيراً، تم التوصل إلى جملة من الاستنتاجات التي عُرضت بإيجاز.
لقد وقع الاختيار على هذا الموضوع نظراً لما كان للثورة من تداعيات بالغة الأهمية على الحركة اليسارية في إيران. وتهدف الدراسة إلى تسليط الضوء على دور اليسار وتأثيره في الثورة الإيرانية، وانعكاس ذلك على مسار الأحداث والتطورات التي شهدتها إيران خلال عام ١٩٧٨ وما تلاه.

**Abstract**
This paper analyzes in detail the role and influence of Iranian leftist parties and organizations in the 1978-1979 revolution. This study proves that the left movement, with all its organizational and intellectual diversity, was one of the main characters of the revolution. The left participated on several fronts: cultural and media struggle, mass organization (especially strikes), armed activity and international work to tarnish the regime. Despite their many sacrifices and decisive role in the revolution, the left eventually failed due to internal conflict, alienation from traditional Iranian society and strategic mistakes in dealing with the Islamic movement, but their intellectual and political legacy continues in Iranian liberation movements.
In this study, the descriptive analytical method is followed to present the factors, processes and role of the left in the Iranian revolution, based on academic sources in different languages. The research structure consists of three topics: the first topic focuses on the historical background of the left movement in Iran before the 1978-1979 revolution, the second topic emphasizes the economic, social and political reasons for the Iranian revolution 1978-1979 Open. Finally, we have reached several conclusions and presented them briefly.
The reason for choosing this topic is that the consequences of this revolution had an important impact on the leftist movement in Iran. The aim of this study is to highlight the role and influence of the left in the Iranian revolution and its impact on the stage of events and developments in Iran during the years 1978-1

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

# ڕۆڵ و کاریگەریی پارت و ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران لە شۆڕشی (١٩٧٨-١٩٧٩)

**کاروان ئەحمەد علی**
**خوێندکاری ماستەر/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو**
**٠٧٧٢٧٩٢٨٢٣٠**
akarwan056@gmail.com

**پ.ی.د. خسرو عبدالرحیم نجم**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو**
**07707436393**
khasraw.nagm@univsul.edu.iq

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە شیکاریی ورد و تەواوی ڕۆڵ و کاریگەریی پارت و ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران لە شۆڕشی ١٩٧٨-١٩٧٩ دەکات. ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێت کە بزووتنەوەی چەپ، بە هەموو فرەچەشنی ڕێکخراوەیی و فیکرییەوە، یەکێک بوو لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی شۆڕش. چەپەکان لە چەندین بەرەدا بەشدارییان کرد: خەباتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن، ڕێکخستنی جەماوەریی (بەتایبەتی مانگرتنەکان)، چالاکیی چەکداریی و کاری نێودەوڵەتی بۆ لەکەدارکردنی ڕژێم. سەرەڕای قوربانیدانی زۆر و ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە شۆڕشەکەدا، دواجار چەپەکان شکستیان خوارد بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی، نامۆبوون بە کۆمەڵگەی سونەتی ئێران و هەڵەی ستراتیجی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی، بەڵام میراتی فیکری و سیاسیی ئەوان تا ئەمڕۆش لە بزووتنەوەکانی ئازادیخوازیی ئێراندا بەردەوامە.
**کلیلە وشە: شۆڕشی ئێران، پارت و ڕێکخراوە چەپەکان، حزبی تودە، فیداییانی خەلق، موجاهیدینی خەلق، کۆمەڵە، شۆڕشی ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩.**

## پێشەکی
شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین ڕووداوە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم بوو. ئەم شۆڕشە، کە بە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی محەمەد ڕەزا شا پەهلەوی کۆتایی هات، بەرهەمی یەکگرتنی هێزە جیاوازی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی بوو. لەنێو ئەم هێزانەدا، پارت و ڕێکخراوە چەپەکان، بە ئایدیۆلۆجیا و ستراتیجە جیاوازەکانیانەوە، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان لە ڕووداوەکاندا هەبوو. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم هێزە چەپانە لە ماوەی ١٩٧٦-١٩٧٩دا، کە قۆناغی دەستپێکردن و سەرکەوتنی شۆڕش بوو. پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە: چۆن چەپەکان بەشدارییان لە شۆڕشدا کرد؟ چ ستراتیج و تاکتیکێکیان بەکارهێنا، چ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان هەبوو و چۆن پەیوەندییان لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکاندا بوو.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە لە دواتردا لێکەوتەی ئەم شۆڕشە کاریگەرییەکی گرنگی لە هەمبەر بزاڤی چەپەکان لە ئێران هەبوو. ئامانج لەم توێژینەوەیە تیشکخستنەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی چەپەکان لە شۆڕشی ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر شانۆی ڕووداو و پێشهاتەکانی ئێران لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاریی بۆ خستنەڕووی فاکتەر و پرۆسە و ڕۆڵی چەپەکان لە شۆڕشی ئێران پەیڕەوی لێکراوە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ئەکادیمی بە زمانی جیاواز. پەیکەری توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر کورتەیەك لە پێشینەی مێژوویی بزووتنەوەی چەپ لە ئێراندا پێش شۆڕشی ساڵی (١٩٧٨-١٩٧٩)، هەرچی تەوەری دووەمە جەخت کراوەتە سەر هۆکارە ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ڕوودانی شۆڕشی ئێران و لە تەوەری

كۆتاییشدا باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی پارت و ڕێکخراوەکان لە شۆڕشی ١٩٧٨-١٩٧٩ کراوە. لە کۆتاییشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێك و بە پوختی خستومانەتەڕوو.

**تەوەرەی یەکەم: پێشینەی مێژوویی بزووتنەوەی چەپ لە ئێراندا پێش شۆڕشی ساڵی (١٩٧٨-١٩٧٩)**

بزووتنەوەی چەپ لە ئێراندا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، بەڵام قۆناغی سەرەکیی گەشەکردنی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە بوو، کاتێک حزبی تودەی ئێران لە ساڵی ١٩٤١دا دامەزرا و بووە یەکێک لە بەهێزترین پارتە سیاسییەکانی وڵات.[١] حزبی تودە، بە پشتیوانیی یەکێتی سۆڤیەت توانی پێگەیەکی جەماوەریی بەهێز لەنێو کرێکاران، ڕۆشنبیران، و کەمینەکانی ناو ئێراندا دروست بکات.[٢] کودەتای ساڵی ١٩٥٣، کە لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەمریکا CIA و بریتانیا MI٦وە ئینجامدرا و حکومەتی دکتۆر محەمەد موسەدەق ڕووخا، زەبرێکی کوشندە بە بزووتنەوەی چەپ لە ئێراندا کەوت.[٣] پاش ئەمە حزبی تودە سەرکوت کرا، سەدان ئەندامی دەستبەسەر و لەسێدارەدران و ڕێبەرانی ناچار بوون بۆ دەرەوەی وڵات هەڵبێن.[٤]

ئەم کودەتایە بووەهۆی ئەوەی نەوەیەکی نوێی چەپ، کە باوەڕی بە خەباتی چەکداریی هەبوو، سەرهەڵبدات. ئەم نەوەیە، کە زۆربەیان خوێندکار و ڕۆشنبیری گەنج بوون، پێیان وابوو لەو ڕەوشەی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی محەمەد ڕەزاشادا خەباتی سیاسیی ئاشتیخوازانە ئەنجام نادرێت و تەنها لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە دەتوانرێت خەبات بکرێت و ڕژێمی پەهلەوی لەناوببرێت.[٥] لەو ماوەیەدا دوو ڕێکخراوی سەرەکیی نوێی چەپ دەرکەوتن: ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە ساڵی ١٩٦٥ و ڕێکخراوی چریکەی فیداییانی خەلقی ئێران لە ساڵی ١٩٧١. ئەم دوو ڕێکخراوە، بە باوەڕبوون بە "خەباتی چەکداریی وەک بزوێنەری پروپاگەندە"، دەستیان بە چالاکیی چەکداریی کرد و بە هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیس و تیرۆرکردنی بەرپرسانی باڵای ڕژێم، هەوڵیاندا ورەی جەماوەرەکەیان بەرزبکەنەوە و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەستپێبکەن.[٦] لە کاتێکدا ڕژێمی شا بە توندی وەڵامی دایەوە و لە ماوەی ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٧دا سەدان ئەندامی چەپەکان کوژران و هەزاران کەس زیندانی کران.[٧]

سەرەڕای سەرکوتی بەردەوام، بزووتنەوەی چەپ توانی بە شێوەی نهێنی بەردەوام بێت و پێگەی جەماوەریی خۆی لەنێو خوێندکاران، ڕۆشنبیران و بەشێک لە کرێکاراندا بەهێز بکات.[٨] کاتێک لە ساڵی ١٩٧٧دا، ڕژێم بە فشاری نێودەوڵەتی و بەتایبەت حکومەتی جیمی کارتەرەوە لەسەر پرسی مافی مرۆڤ، ناچار بوو کەمێک فشارە سیاسییەکانی کەم بکاتەوە، ئەمەش وایکرد چەپەکان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و چالاکییەکانیان زیاتر بکەن.

**تەوەرەی دووەم: هۆکارە ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ڕوودانی شۆڕشی ئێران**

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ بەرهەمی کۆبوونەوەی چەندین هۆکاری ئاڵۆزی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بوو، کە لە ماوەی دەیەکانی ١٩٦٠ و١٩٧٠دا کەڵەکە ببوون. ڕژێمی شا بەتایبەتی دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ساڵی ١٩٦٣، دەستی بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی بەرفراوانی مۆدێرنیزاسیۆن کرد کە بە "شۆڕشی سپی" ناسرابوو.[٩] ئەم بەرنامەیە، هەرچەندە لە ڕووکەشدا ئامانجی پێشخستنی کەرتی ئابووریی و لایەنی کۆمەڵایەتیی ئێران بوو، بەڵام لە کرداردا بووە هۆی دروستبوونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، گەندەڵیی بەرفراوان و نارەزایەتیی جەماوەری بەدوای خۆیدا هێنا.[١٠]

لە ڕووی ئابوورییەوە، سیاسەتەکانی شا بوونەمایەی دروستبوونی ئابوورییەک، کە بە تەواوی پشتی بە داهاتی نەوت دەبەست. ئەمەش بووەهۆی پشتگوێخستنی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی ناوخۆیی.[١١] بوەمایەی ئەوەی ملیۆنان جووتیار ناچار بوون گوندەکانیان بەجێبهێڵن و ڕوو لە شارە گەورەکان بکەن بۆ کارکردن، کە ئەمەش دروستبوونی گەڕەکە هەژارنشینەکان و زیادبوونی بێکاری بەدوای خۆیدا هێنا. لە هەمان کاتدا، داهاتی نەوت بە شێوەیەکی نایەکسان دابەشکرا و زۆربەی دەچووە گیرفانی بنەماڵەی پەهلەوی و هەزاران ڕاوێژکاری بیانییەوە.[١٢] دواجار کاتێک لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٧دا، بەهۆی قەیرانی

ئابووریی جیهانییەوە، نرخی نەوت دابەزی و ڕژێم ناچار بوو سیاسەتی "کەمەربەستن" جێبەجێ بکات، نارەزایەتییەکان زیاتر تەقینەوە.[١٣]
لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، "شۆڕشی سپی" بووە هۆی دروستبوونی چینێکی نوێی خوێندەوار و ڕۆشنبیر کە داوای ئازادیی سیاسیی و بەشداریی زیاتریان دەکرد. بەڵام ڕژێم، لە بری وەڵامدانەوەی ئەم داواکارییانە، بە سەرکوت و زیندانیکردن وەڵامی دانەوە،[١٤] ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەم گەنجانە ڕوو لە ڕێکخراوە نهێنییەکان بکەن بەتایبەت ڕێکخراوە چەپەکان. لە هەمان کاتدا، سیاسەتە "ڕۆژئاوایی"ەکانی ڕژێم، وەک لابردنی حیجاب و بڵاوکردنەوەی کەلتوری ڕۆژئاوایی، بووە مایەی نارەزایەتیی چینە ئایینی و سوننەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران.[١٥]
لە ڕووی سیاسییەوە، ڕژێمی شا ڕژێمێکی دیکتاتۆریی تاکڕەو بوو و هیچ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی قبووڵ نەدەکرد. هەموو پارتە سیاسییەکان قەدەغە کرابوون و تەنها یەک پارت، حزبی "ڕستاخیز"، بە فەرمی کاری دەکرد.[١٦] پۆلیسی نهێنیی ڕژێم (ساواک)، بە شێوەیەکی سیستماتیک ئۆپۆزیسیۆنی سەرکوت دەکرد و هەزاران کەسی بەهۆی بیروڕای سیاسییەوە زیندانی کردبوو و ئەشکەنجەی دابوون.[١٧] ئەم دۆخە سیاسییە داخراوە، وایکرد خەباتی نهێنی و چەکداریی ببێتە تەنها ڕێگە بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا.
چەپەکان، بە شیکارییە مارکسیەکانیان، ئەو دۆخەیان وەک "قەیرانی سەرمایەداریی پاشکۆ" شیکردەوە و پێیان وابوو ڕژێمی شا، وەک نوێنەری ئیمپریالیزمی ئەمریکی، ناتوانێت کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران چارەسەر بکات. چەپەکان بە بڵاوکردنەوەی کتێب و وتار و بڵاوکراوە، هەوڵیاندا خەڵک لەم دۆخە هۆشیار بکەنەوە و بۆ شۆڕش ئامادەیان بکەن. گوتاری چەپ، کە جەختی لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، و مافی کرێکاران دەکردەوە، بووبووە یەکێک لە گوتارە سەرەکییەکانی شۆڕش و توانیبووی کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر نەوەی گەنج و ڕۆشنبیران دابنێت.

**تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵ و کاریگەریی پارت و ڕێکخراوە چەپەکان لە شۆڕشی ١٩٧٨-١٩٧٩دا**

**یەکەم: حزبی تودەی ئێران:** ئەم حزبە وەک کۆنترین و یەکێک لە ڕێکخراوترین پارتە چەپەکانی ئێران، لە قۆناغی شۆڕشی ١٩٧٩دا ستراتیجییەکی جیاوازی گرتەبەر. ئەم حزبە، کە لە کودەتای ١٩٥٣دا زەبرێکی کوشندەی بەرکەوتبوو و زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، نیشتەجێ بوون، لە ساڵانی ١٩٧٠دا سیاسەتێکی نوێی داڕشت کە لەسەر بنەمای "یەکێتیی هێزە دژە دیکتاتۆرییەکان" و "پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی ئیمام خومەینی" بوو.[١٨]
سەرباری ئەوەی خاڵی هەرە دیار و مشتومڕاوی سیاسەتی حزبی تودە، هەڵوێستی بوو بەرامبەر ئایەتوڵڵا خومەینی. لە کاتێکدا زۆربەی هێزە چەپەکانی تر بزووتنەوەی ئیسلامییان بە "کۆنەپەرستانە" ناودەبرد، بەڵام حزبی تودە خومەینی وەک "سەرکردەیەکی پێشکەوتووخواز و دژەئیمپریالیزم" سەیر دەکرد.[١٩] شیکاریی حزبی تودە خۆی دەبینییەوە لەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی دوو باڵی "کۆنەپەرست" (بورجوازیی کۆمپرادۆر) و "شۆڕشگێڕ" (بورجوازیی نەتەوەیی)ی هەیە و بڕیاری دا پشتیوانی لە باڵی شۆڕشگێڕ بکات. ئەم سیاسەتە، کە بە "پەیڕەوی لە خەتی ئیمام" ناسرا، بووە مایەی ئەوەی حزبی تودە لەلایەن زۆربەی هێزە چەپەکانەوە بە "خۆفرۆشی" و "سازشکاری" تۆمەتبار بکرێت.[٢٠]
لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩دا، حزبی تودە هەموو توانای ڕێکخستن و پروپاگەندەی بۆ سەرخستنی شۆڕش بە سەرکردایەتی ئیمام خومەینی خستەگەڕ. ئەندامە بە ئەزموونەکانی حزب لەنێو کرێکاراندا، بەتایبەتی لە پیشەسازیی نەوتدا، ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕێکخستن و بەردەوامبوونی مانگرتنی کرێکارانی نەوتدا گێڕا، کە ئابووریی ڕژێمی پەکخست. ڕادیۆ "پەیکی ئێران" لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە بە بەردەوامی پەیامەکانی خومەینی بڵاودەکردەوە و هانی خەڵکیدا بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکاندا.[٢١] لە ڕۆژانی کۆتایی شۆڕشدا، ئەندامانی حزبی تودە شانبەشانی هێزەکانی تر، بەشدارییان لە هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیسدا کرد.[٢٢]

**دووەم: ڕێکخراوی چریکەکانی فیداییانی خەلقی ئێران:** ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٧١دا لە یەکگرتنی دوو گرووپی مارکسیستی-لینینیستی بچووکترەوە دامەزرا، نوێنەرایەتی ڕەوتێکی جیاوازی لە بزووتنەوەی چەپی ئێراندا دەکرد. بە پێچەوانەی حزبی تودەوە، فیداییان باوەڕیان بە "خەباتی چەکداری وەک تاکە ڕێگەی ڕزگاری" هەبوو و ڕژێمی شایان وەک "دیکتاتۆرییەکی سەربازیی پشتبەستوو بە ئیمپریالیزم" دەبینی کە تەنها بە زەبری چەک لەناودەبرێت.[٢٣] ستراتیجیی سەرەکیی ئەوان، کە بە "پڕوپاگەندەی چەکدارانە" ناسرابوو، بریتیبوو لە ئەنجامدانی چالاکیی چەکداریی بچووک وگەورە بۆ شکاندنی "ترسی جەماوەر" لە ڕژێم و هاندانیان بۆ دەستپێکردنی شۆڕشێکی جەماوەریی.[٢٤]
لە سەرەتای شۆڕشدا، ئەم ڕێکخراوە سەدان چالاکیی چەکدارییان ئەنجامدا، لەوانە هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیس، بانکەکان (بۆ دابینکردنی دارایی)، و تیرۆرکردنی ژەنەراڵە باڵاکانی سوپا و بەرپرسانی ساواک. ئەم چالاکییانە، هەرچەندە لە ڕووی سەربازییەوە کاریگەرییەکی کەمیان هەبوو، بەڵام لە ڕووی سیاسیی و دەروونییەوە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو. ئەمان بوونە نموونەی باڵا لەنێو نەوەی گەنج و خوێندکاراندا و وەک "قارەمانانی خۆنەویست" سەیر دەکران کە ژیانی خۆیان لە پێناو ئازادیدا بەخت دەکەن.[٢٥]
لەگەڵ دەستپێکردنی بزووتنەوەی جەماوەریی لە ساڵی ١٩٧٨دا، ئەم ڕێکخراوە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی ستراتیجی نوێ بووەوە. لە لایەکەوە، ئەوان هێشتا باوەڕیان بە پێشەنگایەتی خەباتی چەکداری هەبوو، بەڵام لە لایەکی ترەوە، دەبوو خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراواندا بگونجێنن کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاشتیخوازانە بوو و لەلایەن ڕێبەرایەتییەکی ئایینییەوە ئاراستە دەکرا.[٢٦] چریکەی فیداییانی خەلقی ئێران هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەیان بەرامبەر بە ئیمام خومەینی و بزووتنەوەی ئیسلامی هەبوو و هۆشدارییان دەدا لە "مەترسیی دیکتاتۆرییەکی ئایینی"، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوان بزووتنەوەی جەماوەرییان بە "شۆڕشێکی ڕاستەقینەی دژە ئیمپریالیستی" ناودەبرد و بە ئەرکی خۆیانیان دەزانی کە بەشداریی تێدابکەن و هەوڵبدەن بەرەو سۆسیالیزم ئاراستەی بکەن.[٢٧]
لە ماوەی شۆڕشدا، چریکەی فیداییان چالاکییەکانیان لە دوو ئاستدا ڕێکخست. لە لایەکەوە، بەردەوام بوون لە چالاکییە چەکدارییەکانیان و چەندین هێرشیان کردە سەر بەرپرسانی ڕژێم. لە لایەکی ترەوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا کرد و دەستیان بە ڕێکخستنی خوێندکاران و کرێکاران کرد. بڵاوکراوە و گۆڤارەکانیان، وەک "نبرد خلق"، بە شێوەیەکی نهێنی بڵاوکرانەوە و شیکاریی مارکسیستییان بۆ ڕووداوەکان پێشکەش دەکرد.[٢٨] لە ڕۆژانی کۆتایی شۆڕشدا، لە ٩_١١ی شوباتی ١٩٧٩ (١٩_٢٢ی بهمن ١٣٥٧) چریکەی فیداییان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە ڕاپەڕینی چەکداریدا گێڕا. ئەوان بە ئەزموونی چەکداریی خۆیانەوە، هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی ناوچەی دۆشان تەپە و چەک و تەقەمەنییەکی زۆریان دەستکەوت و بەسەر خەڵکدا دابەشیان کرد. هەروەها ڕۆڵێکی سەرەکییان لە گرتنی بنکەی سەرەکیی ساواک و تەلەفزیۆنی نیشتمانیدا هەبوو.[٢٩] ئەمەش وای کرد کە فیداییان وەک یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی شۆڕش دەربکەون و لە پاش شۆڕش پێگەیەکی جەماوەریی بەرفراوان لەنێو گەنجاندا بەدەستبهێنن.
**سێیەم: ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران و ڕێکخراوی پەیکار (ئیسلامی شۆڕشگێڕ و مارکسیزمی ڕادیکاڵ):** ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران کە لە ساڵی ١٩٦٥ەوە لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکاری مسوڵمانی خوێندەواری زانکۆی تارانەوە دامەزرا، نوێنەرایەتی ڕەوتێکی تایبەت و جیاوازی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەکرد. ئەم ڕێکخراوە هەوڵیدا ئایدیۆلۆجیایەکی نوێ بهێننەکایەوە ئاوێتەیەك بێت لە شیکاریی مارکسیستی بۆ مێژوو و ئابووریی و خوێندنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئیسلامی شیعە.[٣٠] ئەم ڕێکخراوە هاوشێوەی چریکەی فیداییان باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو، بەڵام گوتاری ئەوان زیاتر ئاراستەی توێژە سوننەتی و ئایینییەکانی کۆمەڵگە بوو. ئەوان بە بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئان و وتەکانی ئیمام عەلی و ئیمام حوسێن، هەوڵیاندا بیسەلمێنن کە ئیسلامی ڕاستەقینە، ئیسلامێکی شۆڕشگێڕ و دژە ستەمە.[٣١]

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشدا، ئەو ئەندامەکانی موجاهیدنی خەلق بە سەرکردایەتی مەسعود ڕەجەوی، کە لە زیندان ئازاد کرابوو، دەستیان بە دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕێکخراو کرد. ئەمانیش وەک حزبی تودە، ستراتیجی پشتیوانیکردن لە ئیمام خومەینییان گرتەبەر و وەک "ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ" سەیریان کرد. موجاهیدین بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا کرد و بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و گۆڤاری "موجاهد"، هەوڵیاندا گوتاری "ئیسلامی دیموکراتیک و پێشکەوتووخواز"ی خۆیان بڵاوبکەنەوە. لە ڕۆژانی کۆتایی شۆڕشدا، ئەندامانی موجاهیدین، شانبەشانی فیداییان، ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕاپەڕینی چەکداریدا گێڕا و بەشدارییان لە گرتنی بنکەکانی پۆلیس کرد.[٣٢]

_ ڕێکخراوی پەیکار لەپێناو ڕزگاریی چینی کرێکاردا، ئەم بەشەی موجاهیدین کە لە ساڵی ١٩٧٥دا مارکسیست بوون، لە ساڵی ١٩٧٨دا ناوی خۆیان گۆڕی بۆ "ڕێکخراوی پەیکار لەپێناو ڕزگاریی چینی کرێکاردا". پەیکار ڕێکخراوێکی مارکسیست-لینینیستی ڕادیکاڵ بوو، کە هەڵوێستێکی زۆر ڕەخنەگرانەی بەرامبەر بە هەموو هێزەکانی تر، بە تایبەت حزبی تودە و فیداییان و بزووتنەوەی ئیسلامی هەبوو. ئەوان حیزبی تودەیان بە "خۆفرۆش" و چریکەی فیداییانیان بە "چاپی پۆپۆلیست" و بزووتنەوەی ئیسلامییان بە "کۆنەپەرست" و "دژە شۆڕش" ناودەبرد.[٣٣] ستراتیجی پەیکار بریتیبوو لە ڕێکخستنی چینی کرێکار و دامەزراندنی "حزبی پرۆلیتاریا" بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی سۆسیالیستی. لە ماوەی شۆڕشدا، پەیکار پێداگربوو لەسەر چالاکیی نهێنی لەنێو کرێکارانی کارگەکاندا و هەوڵیدا "شۆرای کرێکاران" دروست بکات و بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا کرد، بەڵام بە دروشمی سەربەخۆی خۆیانەوە و بە بێ ئەوەی بچنە ژێر چەتری ڕێبەرایەتیی خومەینییەوە. پێویستە ئاماژەش بەوەبکرێت بەهۆی هەڵوێستە توندڕەوانەکانیانەوە، پەیکار نەیتوانی بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوان بەدەستبهێنێت، بەڵام لەنێو بەشێک لە خوێندکاراندا کاریگەریی زۆریان دروست کردبوو.[٣٤]

**چوارەم: ڕەوتە ماوییەکان:** کۆمەڵە و یەکێتیی کۆمۆنیستەکانی ئێران، جگە لە ڕەوتە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی چەپ (حزبی تودە و ڕێکخراوی چریکەی فیداییان و موجاهدینی خەلق)، چەندین گرووپ و ڕێکخراوی تریش هەبوون لەژێر کاریگەریی بیرۆکەکانی ماو تسێ تۆنگ و شۆڕشی چیندا بوون. ئەم ڕەوتانە، کە بە "ماویست" ناسراون، شیکارییەکی جیاوازیان بۆ کۆمەڵگەی ئێران هەبوو و ستراتیژیی "شەڕی جەماوەریی درێژخایەن" و "گەمارۆدانی شارەکان لە گوندەکانەوە"یان بە ڕێگەی ڕاستەقینەی شۆڕش دەزانی. دوو لە دیارترین ئەم ڕێکخراوانە بریتین لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران.

**_ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)**

کۆمەڵە، کە لە ساڵی ١٩٦٩ وەک ڕێکخراوێکی نهێنیی ماویستی لەنێو خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی تاران و تەورێزدا دامەزرا، نوێنەرایەتیی ڕەوتێکی تایبەتی لە بزووتنەوەی چەپی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا دەکرد.[٣٥] کۆمەڵە، بە پێچەوانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە زیاتر تەرکیزی لەسەر ناسیۆنالیزم دەکرد، هەوڵیدا خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی پێکەوە گرێ بدات. شیکاریی کۆمەڵە ئەوە بوو پرسی کورد لە ئێراندا، پرسی "نەتەوەیەکی ژێردەستە"یە و ڕزگاریی نەتەوایەتی تەنها لە چوارچێوەی شۆڕشێکی سۆسیالیستیدا لە سەرتاسەری ئێراندا بەدی دێت.[٣٦]

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠دا، کۆمەڵە تەرکیزی کردە سەر کاری نهێنی لەنێو گوندنشینان و ڕۆشنبیرانی کوردستاندا و هەوڵیدا بنکەیەکی جەماوەری بۆ خۆی دروست بکات. لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ١٩٧٨دا، کۆمەڵە بە خێرایی توانی سوود لەو بۆشاییە سیاسییە وەربگرێت کە لە کوردستاندا دروست بوو. ئەوان دەستیان کرد بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە شارەکانی سنە، مەریوان، و سەقز و ڕۆڵێکی گرنگیان لە هۆشیارکردنەوەی سیاسیی خەڵکدا هەبوو. کادرەکانی کۆمەڵە، بە ئەزموونی کاری نهێنیی خۆیانەوە، توانیان "یەکێتیی جووتیاران" و "شۆرای شارەکان" دروست بکەن.[٣٧] لە ڕۆژانی کۆتایی شۆڕشدا، ئەندامانی کۆمەڵە شانبەشانی هێزەکانی تری کوردستان، بەشدارییان لە گرتنی بنکە سەربازییەکانی سنە و مەهاباددا کرد و چەک و تەقەمەنییەکی زۆریان دەستکەوت. ئەمەش وای کرد

کۆمەڵە ببێتە هێزێکی سەربازیی کاریگەر لە کوردستاندا و لە دوای شۆڕشدا ڕۆڵێکی سەرەکی لە بزووتنەوەی چەکداریی کوردستاندا بگێڕێت.

**_ یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران (سەربەداران)**

یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران، کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە یەکگرتنی چەند گرووپێکی ماویستیی بچووکترەوە دامەزرا، یەکێکی تر بوو لە ڕێکخراوە ماویستییەکانی ئێران. ئەم ڕێکخراوە، کە دواتر بە "سەربەداران" ناسرا، بە تەواوی باوەڕی بە ستراتیژیی شۆڕشی چین هەبوو و پێی وابوو کە دەبێت شۆڕش لە گوندەکانەوە دەست پێبکات و بەرەو شارەکان بڕوات.[٣٨] ئەوان کۆمەڵگەی ئێرانیان وەک کۆمەڵگەیەکی "نیمچە فیۆداڵی-نیمچە کۆلۆنیالی" شیدەکردەوە و پێیانوابوو کە چینی کرێکار هێشتا هێزی پێشەنگایەتی شۆڕشی نییە و دەبێت جەخت بکرێتەسەر جووتیاران.[٣٩]

لە ماوەی شۆڕشدا، یەکێتیی کۆمۆنیستەکان هەوڵیان دا لە گوندەکانی باکووری ئێراندا بنکەی جەماوەری بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا. ئەوان هەڵوێستێکی زۆر توندیان بەرامبەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی هەبوو و وەک "بزووتنەوەیەکی فیۆداڵی و کۆنەپەرست" سەیریان دەکرد. لە خۆپیشاندانەکاندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە دروشمی دژ بە شا و دژ بە ئیسلامییەکان بەشدارییان دەکرد. کاریگەری یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە ماوەی شۆڕشدا زۆر کەم بوو و زیاتر لەنێو خوێندکارە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە ئەمریکا، لایەنگریان هەبوو.[٤٠]

**پێنجەم: چەند ڕێکخراوێکی دیکەی وەك: توفان، ڕێکخراوی شۆڕشگێر، و ترۆتسکیستەکان**

جگە لە پارت و ڕێکخراوە سەرەکییەکان، گۆڕەپانی سیاسیی ئێران لە ساڵانی شۆڕشدا پڕ بوو لە دەیان گرووپ و ڕێکخراوی چەپی بچووکتر و هەر یەکەیان هەوڵیاندەدا کاریگەری خۆیان لەسەر ڕووداوەکان دابنێن. هەرچەندە زۆربەی ئەم گرووپانە لە ڕووی ژمارە و پێگەی جەماوەرییەوە بچووک بوون، بەڵام لە ڕووی فکری و سیاسییەوە فرەچەشنی و ئاڵۆزیی بزووتنەوەی چەپیان نیشان دەدا. لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

**أ_ ڕێکخراوی مارکسیست-لێنینیستی توفان**

ڕێکخراوی توفان لە ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامە دێرینەکانی حزبی تودەوە دامەزرا، کە دژی سیاسەتی "پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە"ی خرۆشۆف بوون، نوێنەرایەتی ڕەوتێکی ماویی دژە سۆڤیەتی دەکرد.[٤١] توفان، بە پێچەوانەی زۆربەی ماوییەکانی ترەوە کە لەژێر کاریگەریی شۆڕشی چیندا بوون، زیاتر لەژێر کاریگەریی ئەلبانیای ئەنوەر هۆجەدا بوو. ئەوان حزبی تودەیان بە "خۆفرۆش بە سۆسیال-ئیمپریالیزمی سۆڤیەت" و ڕێکخراوە چریکەی فیداییانیشیان بە "سەرکێشیی بورجوازیی بچووک" تۆمەتبار دەکرد.[٤٢] ستراتیجی توفان بریتی بوو لە دامەزراندنی "حیزبێکی پرۆلیتاریای ڕاستەقینە" بۆ ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕش. لە ماوەی شۆڕشدا، چالاکییەکانی توفان زۆر سنووردار بوو و زیاتر بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و گۆڤاری "توفان" کە تێیدا شیکاریی خۆیان بۆ ڕووداوەکان بڵاو دەکردەوە. کاریگەریی ئەوان لەسەر ڕەوتی شۆڕش زۆر کەم بوو.

**ب_ ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی تودەی ئێران**

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٤ لەلایەن ژمارەیەک لە کادرە گەنجەکانی حیزبی تودەوە دامەزرا کە لە دژی سیاسەتی "سازشکارانە"ی سەرکردایەتیی حیزب بوون و باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو.[٤٣] ئەم ڕێکخراوە لەژێر کاریگەریی شۆڕشی کوبادا بوون، پێیان وابوو کە دەبێت حیزبی تودە دەست بە خەباتی چەکداری بکات. دوای ئەوەی لە حیزب دەرکران، ڕێکخراوی خۆیان دامەزراند و هەوڵیاندا چەند چالاکییەکی چەکداریی سنووردار ئەنجام بدەن، بەڵام بە خێرایی لەلایەن ساواکەوە سەرکوتکران. لە ماوەی شۆڕشدا، پاشماوەی ئەم ڕێکخراوە هەوڵیاندا خۆیان ڕێکبخەنەوە، بەڵام نەیانتوانی ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن و زۆربەی ئەندامەکانیان چوونە ناو ڕێکخراوی فیداییانەوە.[٤٤]

**ج_ ڕەوتە ترۆتسکیستەکان**

لە ئێراندا چەند گرووپێکی بچووکی ترۆتسکیش هەبوون کە باوەڕیان بە "شۆڕشی بەردەوام"ی لیۆن ترۆتسکی هەبوو. دیارترینیان "حیزبی سۆسیالیستی کرێکاران" بوو. ترۆتسکیستەکان شیکارییەکی جیاوازیان بۆ شۆڕش هەبوو، ئەوان پێیان وابوو کە چینی کرێکار دەبێت ڕێبەرایەتیی شۆڕش بکات و نابێت متمانە بە هیچ بەشێکی بورژوازی، بە بورژوازیی نەتەوەیی و ئایینییەوە، بکرێت. ئەوان هۆشدارییان دەدا لەوەی کە ئەگەر چینی کرێکار ڕێبەرایەتیی شۆڕش نەگرێتە دەست، ئەوا بزووتنەوەی ئیسلامی دەسەڵات دەگرێتە دەست و دیکتاتۆرییەکی نوێ دادەمەزرێنێت. ترۆتسکیستەکان لەنێو کرێکاران و خوێندکاراندا چالاک بوون و هەوڵیان دەدا "شۆرای کرێکاران"ی سەربەخۆ دروست بکەن. هەرچەندە لە ڕووی ژمارەوە زۆر کەم بوون، بەڵام لە ڕووی فیکرییەوە کاریگەرییان لەسەر بەشێک لە ڕۆشنبیرە چەپەکان هەبوو و توانیان یەکێک لە یەکەمین شیکارییە ڕەخنەگرانەکان بۆ سروشتی بزووتنەوەی ئیسلامی پێشکەشبکەن.[45]

**شەشەم: چالاکیی چەپەکانی دەرەوەی وڵات: ڕۆڵی کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیی**

یەکێک لە گرنگترین بەرەکانی خەبات دژی ڕژێمی شا، بەرەی دەرەوەی وڵات بوو. هەزاران خوێندکاری ئێرانی کە بۆ خوێندن ڕوویان لە ئەوروپا و ئەمریکا کردبوو، ڕێکخراوێکی بەهێزیان بە ناوی "کۆنفیدراسیۆنی جیهانیی خوێندکارانی ئێرانی (یەکێتیی نیشتمانی)" دامەزراندبوو. ئەم کۆنفیدراسیۆنە، کە لە ساڵی ١٩٦٠ دامەزرا، بە خێرایی بووە گەورەترین و چالاکترین ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات.[46]

کۆنفیدراسیۆن، لە بنەڕەتدا ڕێکخراوێکی دیموکراتیک و فرەدەنگ بوو و هەموو ڕەوتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی لەخۆگرتبوو، لە ناسیۆنالیستەکانی لایەنگری بەرەی نیشتمانییەوە تا چەپەکان. بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای ١٩٧٠دا، بەهۆی گەشەی بزووتنەوەی چەکداری لە ئێران و کاریگەریی بزووتنەوەی خوێندکاریی جیهانی (بەتایبەتی شۆڕشی خوێندکارانی ١٩٦٨ لە فەرەنسا)، باڵی چەپ بە تەواوی دەستی بەسەر کۆنفیدراسیۆندا گرت.[47] زۆربەی ئەندامانی کۆنفیدراسیۆن لایەنگری ڕێکخراوی فیداییان و موجاهیدین بوون و بە شێوەیەکی چالاکانە پڕوپاگەندەیان بۆ خەباتی چەکداری دەکرد.

چالاکییەکانی کۆنفیدراسیۆن چەندین لایەنی لەخۆدەگرت:

١. ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی: کۆنفیدراسیۆن بە بەردەوامی خۆپیشاندانی گەورەی لە بەردەم باڵیۆزخانەکانی ئێران لە پایتەختە ئەوروپی و ئەمریکییەکاندا ڕێکدەخست. ئەم خۆپیشاندانانە، بەتایبەتی لە کاتی سەردانەکانی شادا بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لە میدیاکانی جیهاندا هەبوو. بۆ نموونە، خۆپیشاندانە گەورەکەی بەرلین لە ساڵی ١٩٦٧، کە تێیدا خوێندکارێکی ئەڵمانی بە دەستی پۆلیس کوژرا، بووە هۆی وروژاندنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەڵمانیا و ئابڕووچوونێکی گەورە بۆ ڕژێمی شا.[48]

٢. ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ: یەکێک لە گرنگترین کارەکانی کۆنفیدراسیۆن، ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بوو. ئەوان بە بەردەوامی ڕاپۆرتیان لەسەر زیندانیانی سیاسی، ئەشکەنجە، و سەرکوتی ئازادییەکان بڵاو دەکردەوە و دەیانگەیاندە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک Amnesty International و میدیاکانی جیهان. ئەمەش وای کرد کە وێنەی "مۆدێرن" و "پێشکەوتنخواز"ی ڕژێمی شا لە ڕۆژئاوادا بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.[49]

٣. پشتیوانی لە بزووتنەوەی چەکداری: کۆنفیدراسیۆن وەک بنکەیەکی پشتیوانیی لۆجستی و سیاسی بۆ ڕێکخراوە چریکەکان کاری دەکرد. ئەوان یارمەتیی داراییان کۆدەکردەوە، بڵاوکراوەکانیان چاپ و بڵاو دەکردەوە، و یارمەتیی ئەندامانی ڕێکخراوەکانیان دەدا بۆ چوونە دەرەوە و هاتنەوە بۆ ناو وڵات.[50]

٤. بڵاوکردنەوەی فیکری چەپ: کۆنفیدراسیۆن بە وەرگێڕان و چاپکردنی بەرهەمە کلاسیکەکانی مارکسیزم و کتێبە نوێیەکانی چەپی جیهانی، ڕۆڵێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی فیکری چەپ لەنێو خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی ئێرانی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵاتدا هەبوو.

لە ماوەی شۆڕشی ١٩٧٨-١٩٧٩دا، کۆنفیدراسیۆن چالاکییەکانی خۆی چڕتر کردەوە. ئەوان بە ڕێکخستنی دەیان خۆپیشاندانی گەورە لە واشنتۆن، پاریس، لەندەن، و بەرلین، فشاری نێودەوڵەتییان لەسەر ڕژێمی شا زیاد کرد و ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆشەگیرکردنی سیاسیی ڕژێمدا هەبوو. هەرچەندە کۆنفیدراسیۆن، وەک زۆربەی هێزە چەپەکانی تر، هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر بە ڕێبەرایەتیی خومەینی هەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانی لە بزووتنەوەی جەماوەری دەکرد و بە ئەرکی خۆی دەزانی کە بەشداریی تێدا بکات.[٥١]

پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت ساڵی ١٩٧٨ ساڵی تەقینەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و گۆڕانی بزووتنەوەی دژ بە شا بوو لە قۆناغی خەباتی نهێنی و چەکدارییەوە بۆ قۆناغی ڕاپەڕینی جەماوەری. چەپەکان، بە هەموو ڕەوتەکانیانەوە، هەوڵیان دا لەم قۆناغە نوێیەدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و ئاراستەی ڕووداوەکان بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ ڕاپەڕینی قوم دوای بڵاوکردنەوەی وتارێکی سووکایەتی ئامێز دژی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ڕۆژنامەی "اطلاعات"، خوێندکارانی ئایینی لە شاری قوم دەستیان بە خۆپیشاندان کرد. هێزەکانی ڕژێم بە توندی وەڵامیان دایەوە و ژمارەیەک خۆپیشاندەر کوژران.[٥٢] ئەم ڕووداوە بووە پریشکی دەستپێکردنی زنجیرەیەک ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینی کە شۆڕشی بە هەموو ئێراندا بڵاو کردەوە. حیزبی تودە و فیداییان لە بەیاننامەکانیاندا ئەم هێرشەیان شەرمەزار کرد و داوایان لە خەڵک کرد کە ناڕەزایەتی دەرببڕن.[٥٣]

لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٨یشدا لە چلەی ماتەمینیی شەهیدانی قومدا، خەڵکی تەبرێز ڕاپەڕینێکی گەورەیان ئەنجامدا. بۆ یەکەمجار، خۆپیشاندەران هێرشیانکردەسەر بانک، سینەما و نوسینگەکانی حیزبی ڕەستاخیز. ئەم ڕاپەڕینە، کە تێیدا دروشمی "مەرگ بۆ شا" بە ئاشکرا وترایەوە، نیشانەی چوونە قۆناغێکی نوێی شۆڕش بوو. ڕێکخراوە چریکەکان، بەتایبەتی فیداییان، ئەم ڕاپەڕینەیان وەک "سەرەتای خەباتی چەکداریی جەماوەری" لە قەڵەمدا و هەوڵیاندا ڕۆڵی خۆیان تێیدا بەرجەستە بکەنەوە.[٥٤]

سەرباری ئەوەی لە مانگی ئابی ١٩٧٨یشدا سینەما ڕێکس لە شاری ئابادان ئاگری گرت و نزیکەی ٤٠٠ کەس تێیدا سووتان. ڕژێم بە خێرایی ئۆپۆزیسیۆنی ئایینی بە ئەنجامدانی ئەم کارە تۆمەتبار کرد، بەڵام زۆربەی خەڵک ساواکیان بە بەرپرسیار زانی. ئەم ڕووداوە تراژیدییە بووە هۆی وروژاندنی تووڕەییەکی گەورە لە سەرتاسەری ئێراندا. هێزە چەپەکان، بە بڵاوکردنەوەی بەڵگە و شیکاری، ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئاشکراکردنی دەستی ساواک لەم تاوانەدا هەبوو و نەیانهێشت ڕژێم سوودی لێ وەربگرێت.[٥٥] وێڕای ئەوەی لەڕۆژی هەینی ٨ی ئەیلولیشدا ڕووداوی هەینیی ڕەش هاتەکایەوە، دوای ئەوەی حکومەت باری نائاسایی لە تاران و یازدە شاری دیکە ڕاگەیاند، جەماوەرێکی بەرفراوان لە گۆڕەپانی ژالەی تاران کۆبوونەوە. سوپا بە شێوەیەکی دڕندانە تەقەی لە خەڵک کرد و سەدان کەس کوژران و بریندار بوون. ئەم ڕۆژە، کە بە "هەینیی ڕەش" ناسرا، بووە خاڵی وەرچەرخان لە شۆڕشدا و هەموو هیواکانی بۆ سازان و دیالۆگ لەگەڵ ڕژێمدا لەناوبرد. دوای هەینی ڕەش، گوتاری خەباتی چەکداری جارێکی تر بەهێز بووەوە و فیداییان و موجاهیدین چەندین چالاکیی چەکداریان دژی هێزەکانی ڕژێم ئەنجامدا.[٥٦]

لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا مانگرتنە سەرتاسەرییەکان یەکێک لە کاریگەرترین چەکەکانی شۆڕش، مانگرتنە سەرتاسەرییەکان بوو، بەتایبەتی مانگرتنی کرێکارانی پیشەسازیی نەوت. ئەم مانگرتنە، کە لە مانگی ڕەزبەرەوە دەستیپێکرد، ئابووریی ڕژێمی بە تەواوی ئیفلیج کرد و حکومەتی خستە قەیرانێکی قووڵەوە. هێزە چەپەکان، بەتایبەتی حیزبی تودە، فیداییان، و ترۆتسکیستەکان، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ڕێکخستن و بەردەوامیدان بەم مانگرتنانەدا هەبوو. ئەوان بە دروستکردنی "کۆمیتەی مانگرتن" و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، یارمەتی کرێکارانیان دەدا بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان ڕێکبخەن و بەرگەی فشارەکانی ڕژێم بگرن.[٥٧] هەروەها لە ١٠ و ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٨دا لە ڕۆژانی تاسوعا و عاشوراداا، گەورەترین خۆپیشاندان لە مێژووی ئێراندا بەڕێوەچوو. ملیۆنان کەس لە تاران و شارەکانی دیکە هاتنە نێو شەقامەکان و داوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیان کرد. ئەم خۆپیشاندانە جەماوەرییە بەرفراوانە، ورەی سوپای بە تەواوی ڕووخاند و بە جیهانی نیشان دا کە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

ڕژێمی شا چیتر هیچ شەرعییەتێکی نییە. چەپەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشدارییان لەم خۆپیشاندانانەدا کرد و هەوڵیان دا دروشم و داواکارییەکانیان (وەک ئازادی، یەکسانی، و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی) بهێننە ناو بزووتنەوەکەوە.[٥٨]

لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩یشدا ڕۆیشتنی شا لەژێر فشاری شۆڕش و بە ئامۆژگاریی ئەمریکا، محەمەد ڕەزا شا ئێرانی بەجێهێشت و ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتی بە "شۆرای پاشایەتی" و حکومەتی شاپور بەختیار سپارد. هێندەی نەخایاند لە ١ی شوباتی ١٩٧٩ ئایەتوڵڵا خومەینی، دوای ١٥ ساڵ دوورخستنەوە، گەڕایەوە بۆ ئێران و لەلایەن ملیۆنان کەسەوە پێشوازیی لێکرا. گەڕانەوەی ئەو، قۆناغی کۆتایی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان شۆڕش و پاشماوەی ڕژێمی شا بوو.

پێویستە ئاماژەش بەوەبکرێت کاریگەریی بزووتنەوەی چەپ لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا تەنها لە چالاکیی سیاسی و چەکداریدا کورت نابێتەوە، بەڵکو چەندین ڕەهەندی قووڵی ڕۆشنبیری، ڕێکخراوەیی و نێودەوڵەتیشی لەخۆگرتبوو. چەپەکان، بە هەموو فرەچەشنی فیکری و ڕێکخراوەییانەوە، توانیان لە چەندین بەرەی جیاوازدا خەبات دژی ڕژێمی پاشایەتی بکەن و بە شێوازی جۆراوجۆر بەشداری لە سەرکەوتنی شۆڕشدا بکەن. هەربۆیە یەکێک لە گرنگترین و درێژخایەنترین کاریگەرییەکانی چەپ، لە بواری ڕۆشنبیری و فیکریدا بوو. لە ماوەی دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا، ئەدەبیاتی چەپ بە تەواوی زاڵ بوو بەسەر فەزای ڕۆشنبیریی ئێراندا. وەرگێڕانی بەرهەمە کلاسیکەکانی مارکسیزم، لەگەڵ نووسینەکانی بیرمەندانی چەپی نوێی جیهان وەک ژان پۆل سارتەر، فرانز فانۆن، و ڕیجیس دۆبرێ، بووە خۆراکی فیکریی نەوەیەکی نوێی خوێندەوار و خوێندکار.[٥٩] شاعیرانی وەک ئەحمەدی شاملو و نووسەرانی وەک سەمەدی بیهرەنگی و غولامحوسێن ساعیدی، کە زۆربەیان لایەنگری چەپ بوون، بە بەرهەمەکانیان گوتارێکی دژە ستەم و داکۆکیکار لە هەژارانیان بڵاو دەکردەوە. چیرۆکی "ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە"ی بیهرەنگی، بووە سیمبولی نەوەیەک کە دژی دۆخی باو ڕادەپەڕی.[٦٠] وێڕای ئەوەی ڕێکخراوە چەپەکان، بەتایبەتی فیداییان، بە بڵاوکردنەوەی نهێنی بەیاننامە و گۆڤارەکانیان وەک "نبرد خلق"، توانیان تۆڕێکی بەهێزی ڕاگەیاندنی ژێرزەمینی دروست بکەن. ئەم بڵاوکراوانە نەک تەنها هەواڵی چالاکییە چەکدارییەکانیان بڵاو دەکردەوە، بەڵکو شیکاریی مارکسیستییان بۆ کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانیش پێشکەش دەکرد. ئەمەش وای کرد کە زمان و چەمکەکانی مارکسیزم (وەک ئیمپریالیزم، بورجوازیی کۆمپرادۆر و خەباتی چینایەتی) ببنە بەشێک لە گوتاری سیاسیی سەردەم، تەنانەت لەنێو هێزە ئیسلامییەکانیشدا.[٦١]

هەرچەندە زۆربەی ڕێکخراوە چەپەکان لە بنەڕەتدا ڕێکخراوی پێشەنگی نهێنی بوون، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی جەماوەریدا، هەوڵیاندا ڕۆڵی ڕێکخەری جەماوەریش بگێڕن. ئەوان لە چەندین بواری گرنگدا چالاک بوون، کە خۆیان دەبینییەوە لە:

_ ڕێکخستنی کرێکاران: چەپەکان، بەتایبەتی حیزبی توده و ترۆتسکیستەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕێکخستنی مانگرتنە سەرتاسەرییەکاندا هەبوو، بەتایبەتی مانگرتنی مێژوویی کرێکارانی پیشەسازیی نەوت. ئەوان بە دروستکردنی "کۆمیتەی مانگرتن" و "شۆرای کرێکاران"، یارمەتیی کرێکارانیان دەدا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراو داواکارییەکانیان بخەنەڕوو و بەرگەی فشارەکانی ڕژێم بگرن.[٦٢] ئەم مانگرتنانە گورزێکی کوشندەیان لە ئابووریی ڕژێم وەشاند و پرۆسەی ڕووخانیان خێراتر کرد.

_ ڕێکخستنی خوێندکاران: زانکۆکان هەمیشە یەکێک لە گرنگترین قەڵاکانی بزووتنەوەی چەپ بوون. لە ماوەی شۆڕشدا، ڕێکخراوە خوێندکارییە چەپەکان زانکۆکانیان کردبووە بنکەی خۆپیشاندان، کۆبوونەوەی سیاسی، و چاپ و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە. ئەوان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە هۆشیارکردنەوەی سیاسیی خوێندکاران و ڕاکێشانیان بۆ ناو ڕیزی شۆڕشدا هەبوو.

_ ڕێکخستنی گەڕەکە هەژارنشینەکان: ڕێکخراوە چریکەکان، بەتایبەتی فیداییان، لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی باشووری تاران و شارە گەورەکانی تردا بنکەی جەماوەرییان هەبوو. ئەوان لەم

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

گەڕەکانەدا "کۆمیتەی گەڕەک"یان دروست دەکرد و خەڵکیان بۆ خۆپیشاندان و دواتر بۆ ڕاپەڕینی چەکداری ڕێکدەخست.[٦٣]

هەرچەندە جێی خۆیەتی ئاماژە بکرێت بۆ چالاکیی چەپەکان لەو ساڵەدا لە دەرەوەی وڵات، بۆ ئەم مەبەستەش کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیی، کە لەژێر کۆنترۆڵی چەپەکاندا بوو، ڕۆڵێکی گرنگی لە ناوزڕاندنی ڕژێمی شا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا گێڕا. ئەوان بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی بەردەوام و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، توانیان ڕای گشتیی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوە مرۆییەکان دژی ڕژێمی شا بوروژێنن. ئەمەش بووەهۆی زیادبوونی فشاری سیاسی لەسەر حکومەتەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بۆ ئەوەی پشتیوانیی خۆیان بۆ شا کەم بکەنەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی سەرۆکایەتی جیمی کارتەردا کە پرسی مافی مرۆڤی کردبووە یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی.[٦٤] چالاکییەکانی کۆنفیدراسیۆن وای کرد کە ڕژێمی شا وەک ڕژێمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەر بناسرێت و چیتر نەتوانێت بە ئاسانی وەک هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوی ڕۆژئاوا خۆی نیشان بدات.

## ئەنجام

_ شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران یەکێک بوو لە گرنگترین ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم، کە نەک تەنها چارەنووسی ئێرانی گۆڕی، بەڵکو کاریگەریی قووڵی لەسەر ناوچەکە و جیهانیش دانا. لەم ڕوانگەیەوە بزووتنەوەی چەپی ئێران، بە هەموو فرەچەشنی و ناکۆکییە ناوخۆییەکانییەوە، یەکێک بوو لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم شۆڕشە.

_ چەپەکان لە ڕێگەی خەباتی ڕۆشنبیری، ڕێکخستنی جەماوەری، چالاکیی چەکداری و کاری دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات، بەشدارییەکی کارایان لە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیدا هەبوو، سەرباری ئەوەی چەپەکان توانیان پرسی هەژاری، نایەکسانیی چینایەتی، و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکەنە بەشێکی سەرەکی لە گوتاری شۆڕش. ئەمەش وای کرد کە بزووتنەوەی ئیسلامیش ئەم دروشمانە بەکاربهێنێت بۆ ڕاکێشانی جەماوەر.

_ چەپەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە ڕێکخستنی مانگرتنە سەرتاسەرییەکاندا هەبوو، بەتایبەتی مانگرتنی کرێکارانی نەوت، کە گورزێکی کوشندەی لە ڕژێم وەشاند، هەروەها لە ڕێگەی کۆنفیدراسیۆنەوە، چەپەکان توانیان وێنەی ڕاستەقینەی ڕژێمی شا وەک ڕژێمێکی دیکتاتۆر و پێشێلکەری مافی مرۆڤ بە جیهان نیشان بدەن.

---

[١] آبراهامیان، یرواند، ١٣٨٧، ایران بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل‌محمدی و محمدابراهیم فتاحی، تهران: نشر نی، ص٢٨٠.

[٢] آقایی، سیدعبدالحسین، ١٣٨٣، تاریخ احزاب چپ در ایران، تهران: نشر گام نو، ص٩٨.

[3] Ervand Brahamian, 2008, Iran Between Two Revolutions. Princeton: Princeton University Press, P.120.

[٤] کیانوری، نورالدین، ١٩٩٢، خاطرات نورالدین کیانوری. تهران: نشر اطلاعات، ص٨٨.

[٥] حقشناس، تراب، ١٣٨٩، از فیضیه تا پیکار: یادداشت‌ها و نوشته‌ها، تهران: نشر نگاه معاصر، ص٤٥.

[٦] آبراهامیان، ١٣٨٧، ص٤٧٠.

[٧] کارنامه خون، ١٣٨٥، مجموعه آثار سازمان چریک‌های فدایی خلق ایران، تهران: نشر انقلاب، ص١٢.

[٨] پایدار، ناصر، ١٣٩٤، تاریخ جنبش کارگری در ایران. جلد اول، تهران: نشر آگاه، ص٢٥٠.

[٩] نجاتی، غلامرضا، ١٣٧٨، تاریخ سیاسی ایران: ایران در دوران پهلوی، تهران: نشر پژوهشگاه مطالعات تاریخی، ص٢١٠.

[١٠] بشیریه، حسین، ١٣٨٤، زمینه‌های اجتماعی انقلاب ایران، تهران: نشر دانشگاهی، ص٥٥.

[١١] آبراهامیان، ١٣٨٧، ص٤٣٠.

[١٢] نجاتی، ١٣٧٨، ص٣١٥.
[١٣] بشيريه، ١٣٨٤، ص٨٨.
[14] Ghavami, Akbar, 2015, Three Generation of Leftist Political Parties in Iran, KingCOllege, London, P.50.
[١٥] نزار، جعفر حسين، ٢٠٠٩، انقلاب اسلامی در ایران: رویداد و واکنش‌ها، بیروت: دارالنهضه، ص١١.
[١٦] ابراهاميان، ١٣٧٨، ص٤٤٠.
[١٧] انقلاب ایران به روایت رادیو بی بی سی، ١٣٨٦، تهران: نشر ارسباران، ص٢١١.
[١٨] كيانورى، ١٩٩٢، ص١١٢.
[19] Ulianovsky, ١٩٨٣, P.92.
[٢٠] ابراهاميان، ١٣٨٧، ص٤٧٤.
[٢١] نجاتی، ١٣٧٨، ص٣١٥.
[٢٢] كيانورى، ١٩٩٢، ص١٤٥.
[٢٣] بشيريه، ١٣٨٤، ص٨٨.
[٢٤] حقشناس، ١٣٨٦، ص١١٠.
[٢٥] ١٤. چریک‌های فدایی خلق، ١٣٨٥، از نخستین کارکرد تا بهمن ١٣٥٧. جلد اول، تهران: نشر ارغوان، ص٥٥.
[٢٦] احمدوند، زینب و دیگران، ١٣٩٦، بررسی و تحلیل مولفه‌های دریان چپ کمونیستی ایرانی در اولین دهه پس از انقلاب اسلامی ١٣٥٧، فصلنامه گنجینه اسناد، سال بیست و هفتم، تابستان ١٣٩٦، ص١٠٨.
[٢٧] بهروز، مازیار، شورشیان آرمانخواه، ١٣٩٠، ناکامی چپ در ایران، تهران: نشر نگاه، ص١٥٠.
[٢٨] احمدوند، ١٣٩٦، ص ١١٧.
[٢٩] وابسته‌رو، منصور، ١٣٨٥، روز شمار تاریخ ایران، جلد دوم، تهران: نشر سخن، ص٣٥٠.
[٣٠] ابراهاميان،١٣٨٧، ص٤٩٥.
[٣١] حق شناس، ١٣٨٦، ص٨٠.
[٣٢] وابسته‌رو، ١٣٨٦، ص٣٦٠.
[٣٣] نگرشی بر سه سال تجربه انقلابی توده‌ها، ١٣٥٩، جناح چپ، تهران: نشر جناح چپ، ص١٩.
[٣٤] بهروز، ١٣٩٠، ص٢١٠.
[٣٥] ترابی، ابراهیم، ١٣٨٩، تاریخ ١٠٠ ساله احزاب سیاسی ایران، جلد دوم، تهران: نشر مؤسسه مطالعات تاریخی، ص١١٩.
[٣٦] امیز زاده، کامران، ١٣٩٥، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، ص٧٧.
[٣٧] بهروز، ١٣٩٠، ص٢١٠.
[٣٨] ترابی، ١٣٨٩، ص١٢٤.
[٣٩] زبيح، ١٣٨٧، ص٢١٩.
[٤٠] بیانیه‌ی کنفدراسیون جهانی، ١٤٠٤، تهران: نشر کنفدراسیون، ص٧.
[٤١] بهروز، ١٣٩٠، ص٨٨.
[٤٢] خلیلی، فضل‌الله، ١٣٨٥، کمونیست‌ها و انقلاب، تهران: نشر آگاه، ص١٥٠.
[٤٣] ابراهاميان، ١٣٨٧، ص٤٧٨.
[٤٤] زبيح، سپهر، ١٣٨٥، تاریخ جنبش کمونیستی در ایران، تهران: نشر آگاه، ص٢١٠.
[45] Ghavami, 2015, P.50.
[٤٦] زبيح، ١٣٨٧، ص٢١٠.
[٤٧] ابراهاميان، ١٣٨٧، ص٤٨٨.
[٤٨] کنفدراسیون، ١٣٨٥، ص ١٢٠.
[٤٩] سازمان چریک‌های فدایی خلق ایران، ١٣٨٥، ارتباطات خارجی سازمان، تهران: نشر انقلاب، ص٨٠.
[٥٠] حقشناس، ١٣٨٦، ص ١٨٠.
[٥١] (کنفدراسیون، ١٣٨٥، ص٢٥٠.

[٥٢] ابراهاميان، ١٣٨٧، ص٥٠٥.
[٥٣] بشيرتاش، سعيد و نبوى، ابراهيم، ١٣٨٦، روزشمار انقلاب اسلامى، جلد دوم، تهران: نشر مركز اسناد، ص٤٥.
[٥٤] سامع، مهدى، ١٣٨٥، تاريخ سازمان چريک‌هاى فدايى در ايران، تهران: نشر آگاه، ص٣١٠.
[٥٥] زبيح، ١٣٨٧، ص٢٨٠.
[٥٦] بشيرتاش، ١٣٨٦، ص١٨٠.
سپهر، زبيح، ١٣٩٣، ت: محمد رفيعى مهرابادى، نگاهى به پيدايش و شكل‌گيرى جنبش كمونيستى در ايران، ١٣٩٣، تهران: نشر آگاه، ص٢٥٠.
[٥٨] ابراهاميان، ١٣٨٧، ص٥٢٥.
[٥٩] صادقى، سيد شمس الدين، ١٣٩٤، جريان چپ، دیالکتيك روشنفكرى و انقلاب اسلامى ايران، فصلنامه علمى مطالعات پژوهشى انقلاب اسلامى، ص١٧.
[60] Abrahamian, ٢٠٠٨, P. ١48,
[٦١] بهروز، ١٣٩٠، ص١٥٠.
[٦٢] تاريخ جنبش كارگرى، ١٣٩٤، ص٢٥٥.
[٦٣] سازمان چريكهاى فدايى خلق، ١٣٨٥، ص٣٨٠.
[٦٤] كنفدراسيون، ١٣٨٥، ص٢٤٠.

## ليستى سەرچاوەكان

### يەكەم: كتێبەكان

### أ_ بە زمانى فارسى

_ آبراهاميان، يرواند، ١٣٨٧، ايران بين دو انقلاب، ترجمه احمد گل‌محمدى و محمدابراهيم فتاحى، تهران: نشر نى.
_ آقايى، سيدعبدالحسين، ١٣٨٣، تاريخ احزاب چپ در ايران، تهران: نشر گام نو.
_ انقلاب ايران به روايت راديو بى بى سى، ١٣٨٦، تهران: نشر ارسباران.
_ اميز زاده، كامران، ١٣٩٥، چپ سنتى و جنبش ملى كرد در ايران، نشر روشنگرى.
_احمدوند، زينب و ديگران، ١٣٩٦، بررسى و تحليل مولفه‌هاى دريان چپ كمونيستى ايرانى در اولين دهه پس از انقلاب اسلامى ١٣٥٧، فصلنامه گنجينه اسناد، سال بيست و هفتم، تابستان ١٣٩٦.
_ بشيرتاش، سعيد و نبوى، ابراهيم، ١٣٨٦، روزشمار انقلاب اسلامى، جلد دوم، تهران: نشر مركز اسناد.
_ بشيريه، حسين، ١٣٨٤، زمينه‌هاى اجتماعى انقلاب ايران، تهران: نشر دانشگاهى.
_ بهروز، مازيار، شورشيان آرمانخواه، ١٣٩٠، ناكامى چپ در ايران، تهران: نشر نگاه.
_ پايدار، ناصر، ١٣٩٤، تاريخ جنبش كارگرى در ايران. جلد اول، تهران: نشر آگاه.
_ ترابى، ابراهيم، تاريخ ١٠٠ ساله احزاب سياسى ايران، جلد دوم، تهران: نشر مؤسسه مطالعات تاريخى.
_ حق شناس، تراب، ١٣٨٩، از فيضيه تا پيكار: يادداشت‌ها و نوشته‌ها، تهران: نشر نگاه معاصر.
_ خليلى، فضل‌الله، ١٣٨٥، كمونيست‌ها و انقلاب، تهران: نشر آگاه.
_ زبيح، سپهر، ١٣٨٥، تاريخ جنبش كمونيستى در ايران، تهران: نشر آگاه.
_ سامع، مهدى، ١٣٨٥، تاريخ سازمان چريک‌هاى فدايى در ايران، تهران: نشر آگاه.
_ سپهر، زبيح، ١٣٩٣، ت: محمد رفيعى مهرابادى، نگاهى به پيدايش و شكل‌گيرى جنبش كمونيستى در ايران، ١٣٩٣، تهران: نشر آگاه.
_ كيانورى، نورالدين، ١٩٩٢، خاطرات نورالدين كيانورى. تهران: نشر اطلاعات.
_ نزار، جعفر حسين، ٢٠٠٩، انقلاب اسلامى در ايران: رويداد و واكنش‌ها، بيروت: دارالنهضه.

_ وابستەرو، منصور، ١٣٨٥، روز شمار تاريخ ايران، جلد دوم، تهران: نشر سخن.
_ نجاتی، غلامرضا، ١٣٧٨، تاريخ سياسى ايران: ايران در دوران پهلوى، تهران: نشر پژوهشگاه مطالعات تاريخى.

**ب_ به زمانى ئينگليزى**

Ervand Brahamian, 2008, Iran Between Two Revolutions. Princeton: Princeton University Press.
-- Ghavami, Akbar, 2015, Three Generation of Leftist Political Parties in Iran, KingCOllege, London.

**ج_ بڵاوكراوه و گۆڤارەكان**

_ چريک‌های فدايى خلق، ١٣٨٥، از نخستين كاركرد تا بهمن ١٣٥٧. جلد اول، تهران: نشر ارغوان.
_ بيانيه‌ى كنفدراسيون جهانى، ١٤٠٤، تهران: نشر كنفدراسيون.
_ سازمان چريک‌هاى فدايى خلق ايران، ١٣٨٥، ارتباطات خارجى سازمان، تهران: نشر انقلاب.
_ كارنامه خون، ١٣٨٥، مجموعه آثار سازمان چريک‌هاى فدايى خلق ايران، تهران: نشر انقلاب.
_ نگرشى بر سه سال تجربه انقلابى توده‌ها، ١٣٥٩، جناح چپ، تهران: نشر جناح چپ.
_ صادقى، سيد شمس الدين، ١٣٩٤، جريان چپ، ديالكتيك روشنفكرى و انقلاب اسلامى ايران، فصلنامه علمى مطالعات پژوهشى انقلاب اسلامى.

List of Sources
I. Books
A. In Persian

-Abrahamian, Ervand, 1387 [2008], *Iran Between Two Revolutions*, translated by Ahmad Golmohammadi and Mohammad Ebrahim Fattahi, Tehran: Ney Publishing.
-Aghaei, Seyyed Abdolhossein, 1383 [2004], *History of Leftist Parties in Iran*, Tehran: Gam-e No Publishing.
* -The Iranian Revolution as Narrated by BBC Radio*, 1386 [2007], Tehran: Arasbaran Publishing.
-Amizzadeh, Kamran, 1395 [2016], *The Traditional Left and the Kurdish National Movement in Iran*, Rowshangari Publishing.
-Ahmadvand, Zeinab, et al., 1396 [2017], "An Examination and Analysis of the Components of the Iranian Communist Left in the First Decade Following the 1979 Islamic Revolution," *Ganjineh-ye Asnad* [Document Treasury] Quarterly, Year 27, Summer 1396.
-Bashirtash, Saeed, and Nabavi, Ebrahim, 1386 [2007], *Chronology of the Islamic Revolution*, Vol. 2, Tehran: Markaz-e Asnad [Document Center] Publishing.
-Bashiriyeh, Hossein, 1384 [2005], *Social Origins of the Iranian Revolution*, Tehran: University Publishing.

-Behrooz, Maziar, 1390 [2011], *Rebels with a Cause: The Failure of the Left in Iran*, Tehran: Negah Publishing.
-Paydar, Naser, 1394 [2015], *History of the Labor Movement in Iran*, Vol. 1, Tehran: Agah Publishing.
-Torabi, Ebrahim, *A 100-Year History of Political Parties in Iran*, Vol. 2, Tehran: Institute for Historical Studies Publishing.
-Haghshenas, Torab, 1389 [2010], *From Feyziyeh to Peykar: Notes and Writings*, Tehran: Negah-e Mo'aser Publishing. _ Khalili, Fazlollah, 2006, *Communists and the Revolution*, Tehran: Agah Publishing.
_Zabih, Sepehr, 2006, *History of the Communist Movement in Iran*, Tehran: Agah Publishing.
_Same', Mehdi, 2006, *History of the Fada'i Guerrilla Organization in Iran*, Tehran: Agah Publishing.
_Zabih, Sepehr, 2014, translated by Mohammad Rafiei Mehrabadi, *A Look at the Emergence and Formation of the Communist Movement in Iran*, Tehran: Agah Publishing.
_Kianouri, Noureddin, 1992, *Memoirs of Noureddin Kianouri*, Tehran: Ettela'at Publishing.
_Nazar, Ja'far Hossein, 2009, *The Islamic Revolution in Iran: Events and Reactions*, Beirut: Dar al-Nahda.
_Vabasteh-ro, Mansour, 2006, *Chronology of Iranian History*, Vol. 2, Tehran: Sokhan Publishing.
_Nejati, Gholamreza, 1999, *Political History of Iran: Iran During the Pahlavi Era*, Tehran: Institute for Historical Studies.
B_ In English
_Ervand Abrahamian, 2008, *Iran Between Two Revolutions*, Princeton: Princeton University Press.
_Ghavami, Akbar, 2015, *Three Generations of Leftist Political Parties in Iran*, King's College, London.
C_ Publications and Journals
_Fada'i Guerrillas of the People (Cherik-haye Fada'i-ye Khalq), 2006, *From Initial Activities to Bahman 1357 (February 1979)*, Vol. 1, Tehran: Arghavan Publishing.
_Statement of the Confederation (World Confederation of Iranian Students), 1983/1984 [1404 AH], Tehran: Confederation Publishing. _ Organization of Iranian People's Fadaei Guerrillas, 2006, *External Relations of the Organization*, Tehran: Enqelab Publishing.
* _Record of Blood* (Karnameh-ye Khun), 2006, Collected Works of the Organization of Iranian People's Fadaei Guerrillas, Tehran: Enqelab Publishing.
* _A Perspective on Three Years of Revolutionary Experience of the Masses*, 1980, The Left Faction, Tehran: The Left Faction Publishing.

_Sadeghi, Seyyed Shamseddin, 2015, "The Left Current: The Dialectic of Intellectualism and the Islamic Revolution of Iran," *Scientific Quarterly of Research Studies on the Islamic Revolution.*